# ڕۆژانە 26 هەزار منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ تێکڕا لەسەرانسەری جیهاندا گیان لەدەست دەدەن



ئا: کەژاڵ عەلا

بەپێی لێکۆڵینەوەی ئامارێکی ساڵانەی  ڕێکخراوی یونسێف، ڕۆژانە( 26) هەزار منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ گیان لەدەست دەدەن.

کۆمیسیۆنی  باڵای یونسێف ڕای گەیاند: ئاماری مردنی منداڵان لەنێوان وڵاتانی هەژارو دەوڵەمەندا بەردەوام جیاوازیەکی ئێجگار زۆر بەدی دەکرێت. ڕێکخراوی یونسیف داوای لە سەرۆکی وڵاتانی سەرمایەدارانی جیهان کرد، بۆ کۆمەک کردن بە وڵاتانی هەژار کە بەرزترین ڕێژەی مردنی منداڵانی تێدا ڕوودەدات، دەستی هاوکاریان بۆ درێژبکەنو هاوسۆزی خۆیان بنوێنن. هەروەها یونسێف لەم ئامارەدا ئاماژەی بەخاڵێکی گرنگ داوەو دەڵێت: لەساڵی ڕابووردودا بە هۆی بەرنامەکانی سیستەمی کوتانی منداڵانەوەو ئەم ڕێژەی مردنە بەشێوەیەکی بەرچاو لەجیهاندا دابەزیوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی یونسێف، لەساڵی (1960) تاکو (2006) ڕێژەی مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ لە60%  دابەزیوە و بۆیەکەمین جارە لەجیهاندا دەبینرێت کە لەساڵی ڕابووردوودا ڕێژەی مردن لە 10 ملیۆن کەمتر بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوەشداوە کە  هێشتا ئەم ڕێژەیە لەهەندێک وڵاتدا لەلیستی ئەم ئامارەدا هەر بەرزەو دانەبەزیوە، بۆنموونە لەم لاتانەدا لە  1000 منداڵ ئەم ژمارەکەمە بە زیندویتی ماونەتەوە: سیرالیۆن 270 منداڵ، ئانگۆلا 260 منداڵ، ئەفغانستان257 منداڵ، نیجیریا 253  منداڵ، لیبیریا 239 منداڵ، هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە هەمیشە دەستەو یەخەن لەگەڵ جەنگو هەژاریدا، هەربۆیە زیاتر لە هەر چوارمنداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ یەکێکیان گیان لەدەست دەدات.

ڕێکەوتننامەی مافی مرۆڤی منداڵ لە 189 وڵات پێکهاتووە. لە ساڵی 1990 لەئێران لە نێوان هەزار منداڵ 35 کەس گیانیان لەدەست داوە، بەڵام لەم ئامارە تازەی یونسێف دا هاتوە پێوانەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ لەئێراندا بەرامبەربە ئاماری ئەوساڵە بووەبە نیوەی ئەو ژمارەیە.

هەروەها یونسێف لە ڕاپۆرتێکی تریدا دەڵێت:  گرنگترین هۆکاری مردنی منداڵ لە جیهاندا بەهۆی ئەو نەخۆشیانەوە ڕوودەدەن کە دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێت.. وەک: مەلاریا، ئیسهال، بەدخۆراکی، توشبوون بەڤایرۆسی (h، I، v) ئایدز.

هەروەها مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ زیاتر لە وڵاتی ئەفەریقای ڕەش بەرچاو دەکەوێت. زۆربەی ئەو منداڵانەی کەدەمرن لە تەمەنی یەک مانگیدان.

کۆمیسیۆنی باڵای یونسێف ئەوەشی ئاشکراکرد: بەداخەوە هیچ پرۆژەیەک بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە لەجیهاندا نەهاتۆتە ئاراوە، هەروەها ئاماژەشی بەوەداوە کەتاڕادەیەک سیستەمی تەندروستی کاریگەری باشی هەبوە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان.
بەڕێوەبەری یونسێف وتی: بەڕاستی بڵاوکردنەوەی ئامارێکی لەمجۆرە مایەی شەرمەزارییە بۆ کۆمەڵەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، لەساڵێکدا مردنی 7،9 ملیۆن منداڵی خوارتەمەن پێنج ساڵ قابیلی قەبوڵکردن نیە، لەکاتێکدا بەرەنگاری بوونەوەی ئەم دیاردەیە شتێکی سانایەو دەتوانرێت بەرەنگاری ببینەوە ئەگەر بەشێوەیەکی جدیو مرۆڤدۆستانە کاری بۆبکرێ!. بۆنموونە پاراستنی تەندروستی دایکان لەکاتی سکپڕیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵی ساغو بەتەندروست بەدنیا بێنن. جگەلەوەش هوشیارکردنەوەی دایکان بۆ پێدانی شیری خۆیان بەکۆرپەلەکەیان یەکێکە لە ڕێگەچارەی پاراستنی منداڵ لەمردنو نەخۆشی، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی کەمی ئاوی پاک بوونەتەوە بۆ خواردنەوە. جگەلەمەش سیستەمی تەندروستی کوتانو دابینکردنی خۆراکی دەوڵەمەند لەڤیتامینەکان، بەتایبەتی ڤیتامین (A) و یۆد، بۆ نەجاتی ژیانی منداڵان لەمردن زۆر کاریگەرە.
هەروەها یونسێف لەم ئامارەیدا ئاماژەی بەشەش وڵات داوە، کەمترین ڕێژەی مردنی منداڵ تێیدا ڕوودەدات وەک: سوید، سەنگاپور، ئیزلەندا کەلە هەر 1000 منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ، تەنها سیانیان دەمرن. کەمی ئەم ڕێژەیەش لەم وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە سیستەمی تەندروستی دایکانو منداڵان.
بەپێی داڕشتنی بەرنامەمەکانی وڵاتە یەکگروەکان، دەبێت لەهەزارەی سێیەمدا مردنی منداڵان لەجیهاندا تا ساڵی 2015 دووسێیەمی ئەندازەیەی ئێستا دابەزێت.

سەرچاوە سایتی: bbc